مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

# النصوص الشعرية لهشام طاهر البرزنجي من منظور نظرية الاسترجاع

**نرمين محمد حسين**

جامعة كرميان / كلية الحاسبات وتكنولوجيا المعلومات / قسم تكنولوجيا المعلومات.

**البريد الإلكتروني Email :** Narmin.muhammad@garmiam.edu.kr

**الكلمات المفتاحية:** نظرية التلقي، أفق توقع النص، القارئ، الشعر، هشام طاهر برزنجي.

**كيفية اقتباس البحث**

حسين ، نرمين محمد ، النصوص الشعرية لهشام طاهر البرزنجي من منظور نظرية الاسترجاع ،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، كانون الثاني ٢٠٢٦،المجلد:١٦ ،العدد:١ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في ROAD**

**Indexed مفهرسة في IASJ**

# The Poetic Texts of Hisham Taher Al-Barzanji from the Perspective of Retrospective Theory

**Nermin Muhammad Hussein**
University of Kalar / Faculty of Computers and Information Technology / Department of Information Technology.

**Keywords** : Reception theory, horizon of textual expectation, reader, poetry, Hisham Taher Barzanji.

**How To Cite This Article**
Hussein, Nermin Muhammad , The Poetic Texts of Hisham Taher Al-Barzanji from the Perspective of Retrospective Theory,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, January 2026,Volume:16,Issue 1.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

There has been considerable debate regarding whether reception theory constitutes a theory, an independent methodology, or a critical activity. This theory is considered a modern approach in literary criticism, placing significant emphasis on the reader and making them central to the decision-making process, based on the belief that the reader finds new meaning in the text and keeps it alive. This theory draws its origins from several other methodologies, particularly hermeneutics and deconstruction, and emerged in the 1960s. Robert Jauss (1921–1997) and Wolfgang Iser (1926–2007) were among its most prominent proponents. While this theory is important in Kurdish studies, research on it is limited, hence the need for this study. The research was conducted using both descriptive and analytical methods. This study aims to analyze the poetic texts of Hisham Tahir Barzinji in light of the principles of this theory. The research consists of an abstract, an introduction, two main sections, a conclusion, and a list of references. The first section addresses the terminology, concepts, definitions, history, and principles of reception

theory, while the second section examines the application of reception theory to the poet's work.


## ملخص

دار جدل واسع حول ما إذا كانت نظرية التبني نظرية أم منهجا مستقلا أم نشاطا نقديا. تعد هذه النظرية من النظريات الحديثة في النقد الأدبي، إذ تولي اهتماما بالغا للقارئ وتجعله محورا لاتخاذ القرار، إيمانا منها بأنه يجد معنى جديدا في النص ويبقيه حيا. وتستمد هذه النظرية أصولها من مناهج أخرى عديدة، لا سيما في التأويلية والإلغاعية، وظهرت نظرية التلقي في ستينيات القرن الماضي. وكان روبرت جوس (١٩٢١_ ١٩٩٧) وفولجانج آيزر (١٩٢٦_ ٢٠٠٧) أبرز علماء هذه النظرية. وتعتبر هذه النظرية مهمة في البحث الكردي، إلا أن الأبحاث التي أجريت عليها قليلة، لذا ارتئي ضرورة إجراء هذا البحث حول هذا الموضوع. وقد أجري البحث وفقا للمنهجين الوصفي والتحليلي. وتهدف هذه الدراسة إلى تحليل النصوص الشعرية لهشام طاهر برزنجي في ضوء مبادئ هذه النظرية. يتألف البحث من ملخص، ومقدمة، وقسمين، وخاتمة، وقائمة مصادر. يتناول القسم الأول مصطلحات ومفاهيم وتعريفات وتاريخ ومبادئ نظرية التلقي، بينما يتناول القسم الثاني تطبيق نظرية التلقي في قصائد الشاعر.

# دەقە شیعرییەکانی (هیشام تاهیر بەرزنجی) لەڕوانگەیی تیۆری وەرگرتنەوە

نرمین محمد حسین

زانکۆی گەرمیان/ کۆلێژی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆجیای زانیاری/ بەشی IT.

## پوختە

تیۆری وەرگرتن لەو مشت و مڕی زۆری لەبارەوە ئەنجام دراوە، کە ئایا تیۆرە، یاخود میتۆدێکی سەربەخۆیە، یان چالاکییەکی ڕەخنەییە. ئەم تیۆرە یەکێکە لە تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، گرنگییەکی زۆر بە خوێنەر دەدات و دەیکاتە چەقی بڕیاردان، چونکە پێیی وایە ئەوە خوێنەرە مانای نوێ لە دەق دەبینێتەوە و بەزیندوویی دەیهێڵێتەوە، ئەمە پێچەوانەی بەشێک لەو میتۆدانە بوون کە دەقیان دەکردە ناوەند لە شیکاریکردندا، میتۆدی بونیادگەری لەدیارترینیان بوو. ئەم تیۆرە سەرچاوەی لە چەندین میتۆدی تر وەرگرتووە. بەتایبەت هێرمینیۆتیکا و هەڵوەشانەوەگەرایی، تیۆری وەرگرتن لە شەستەکانی سەدەی بیستەم و بە دیاریکراوی ساڵی (١٩٦٧) سەری هەڵداوە. ڕۆبەرت یاوس(١٩٢١_١٩٩٧) و وۆڵگانگ ئایزەر(١٩٢٦_ ٢٠٠٧) لە دیارترین زاناکانی ئەم تیۆرە بوون. ئەم تیۆرە لەنێو توێژینەوەی کوردیدا جێگەی بایەخە، بەڵام کەمترین توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجام دراوە، بۆیە بەپێویست زانراوە ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام بدرێت، بەپێی میتۆدی وەسفی و شیکاری و بنەمای تیۆری وەرگرتن توێژینەوەکە ئەنجامدراوە، ئاشکرایە کە بۆچونەکان بەرفراوانن لەنێو کاری ئەم تیۆرەدا، بۆیە سنوری توێژینەوەکە خۆی لە بنەمای کارەکانی (یاوس)دا دەبینێتەوە. ئامانج لەم توێژینەوەیەدا شیکارکردنی دەقە شیعرییەکانی (هیشام تاهیر بەرزنجی)یە لەبەر ڕۆشنای بنەماکانی ئەم تیۆرە. پێکهاتەی توێژینەوەکە لە پوختە و پێشەکی و دووبەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، بەشی یەکەم پێکدێت لە زاراوە و چەمک و پێناسە و مێژوو و بنەماکانی تیۆری وەرگرتن، هەرچی بەشی دووەمە پراکتیزەی بنەماکانی تیۆری وەرگرتنە لە شیعرەکانی شاعیردا.

**وشە کلیلییەکان:** تیۆری وەرگرتن، ئاسۆی چاوەڕوانی دەق، خوێنەر، شیعر، هیشام تاهیر بەرزنجی.

**پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی (دەقە شیعرییەکانی هیشام تاهیر بەرزنجی لەڕوانگەیی تیۆری وەرگرتنەوە)یە. هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردنی دەقە شیعرییەکانی شاعیر بەپێی بنەماکانی تیۆری وەرگرتن، کە خۆی لە گرنگیدان بەخوێنەرەوە دەبینێتەوە، چونکە تیۆری وەرگرتن یەکێکە لە نوێترین تیۆرەکان کە گرنگی بە تێڕوانینەکانی خوێنەر دەدات و دەیکانە ناوەندی بڕیاردان لە شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکاندا، لەدیارترین خەسڵەت و بنەماکانی ئەم تیۆرە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرە، ئەم چەمکە پشت ئەستورە بە سەرجەمی ئەو زانیاریانەی خوێنەر کە هەیەتی لەبارەی دەقێکەوە و وەکو پێوەرێک بەکاری دەهێنێت لە وەرگرتنی دەقێکدا.

**هۆی هەڵبژاردی بابەتەکە.** ئەم تیۆرە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ خوێنەر و لە هەمانکاتیدا بۆ دەق، چونکە بەهۆی خوێندنەوە و تێگەیشتنی خوێنەرەوە زیندویەتی دەق ڕەدەگەیەنرێت، ئەم تیۆرە ئەگەرچی تیۆرێکی نوێیە و گرنگی زۆری هەیە بۆ خوێندنەوەی دەق، بەڵام لە نێو توێژەرانی کورددا کەمتر گرنگی پێدراوە و کاری ئەوتۆی لەسەر ئەنجام نەدراوە، هەروەها دەقە شیعرییەکانی (هیشام تاهیر) کەم کاری لەسەر کراوە و هێژای ئەوەیە چەندین توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجام بدرێت، بۆیە بەپێویستمان زانیووە لەسەر ئەم بابەتە توێژینەوەکە ئەنجام بدرێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا سود لە میتۆدەکانی وەسفی و شیکاری وەرگیراوە، لەژێر ڕۆشنای تیۆری وەرگرتن دا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە دەقە شیعرییەکانی (هیشام تاهیر) بخرێتە ژێر تیشکی توێژینەوە لە ڕوانگەی تیۆری وەرگرتنەوە، بەپێی تێگەیشتنی خۆمان دووبارە خوێندنەوەیان بۆ بکەین.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوری توێژینەوەکە خۆی لە بۆچوونەکانی (یاوس)دا دەبینێتەوە سەبارەت بە گرنگی خوێنەر لە شیکاری دەقدا.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە لە پوختە و پێشەکی و دووبەش و ئەنجام پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم:** چەک و زاراوە و بنەما و مێژووی تیۆری وەرگرتن.

**بەشی دووەم:** دەقە شیعرییەکانی (هیشام تاهیر) لەڕوانگەیی تیۆری وەرگرتنەوە.

## بەشی یەکەم: چەمک و پێناسەی تیۆری وەرگرتن

### ١_١ چەمکی تیۆری وەرگرتن



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەزمانی ئینگلیزیدا چەمکەکانی (theory Reception) کە بەواتایی(تیۆری وەرگرتن) و (redear response theory)( Harkin ,2005: 410_424) بەواتایی (هاتنە وەڵامی خوێنەر)ی بۆ بەکاربراوە. ئەم وتارە ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی بۆ شوێنی تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەر لە توێژینەوەکانی ئینگلیزیدا دەخاتە ڕوو. نووسەر ئاوڕێکی نەسەبانە دەدات لەوەی کە چۆن تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەر لە بەشەکانی ئینگلیزیدا ئاهەنگیان گێڕاوە یان ڕەتکراوەتەوە و ئەمە چی پێشنیار دەکات سەبارەت بە پەیوەندییە ناکۆکەکانی نێوان توێژینەوەی پێکهاتە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و نێوان لێکۆڵینەوە و پێداگۆژی لە ماوەی دوو سێ دەیەی ڕابردوودا لە ئەمریکا(پێشوو: ٤١٠_٤٢٥).

لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەر بە تیۆری وەرگرتن چەمکەکانی (نظرية التلقی، نظرية الاستقبال، جمالية التلقی، جمالية التقبل)(حضر، ١٩٩٧: ٣٢)بەکارهێنراوە، کە هەموو ئەم چەمکانە جەخت لە گرنگی خوێنەر بۆ تێکستی ئەدەبی دەکەن.

لە زمانی فارسیدا چەمکەکانی (نظره دريافت و نظريه خواننده مدار)(مدرسی، ١٣٩٠) بەکاردەهێنرێت، بەرنامەی کارکردنی هەردوو چەمکەکە بریتین لە گرنگی دان بەخوێنەر.

لە زمانی کوردیدا چەمکەکانی (تیۆری وەرگر و میتۆدی وەرگرت و ئیستاتیکای وەرگر/ وەرگرتن)(مەنتک، ٢٠٢٨: ١٣٩) بەکاردەهێنرێت. بۆ بەکاردەهێنرێت. ئەم چەمکان باس لە گرنگی خوێنەر دەکەن بۆ دەقی ئەدەبی، بەڵام لاپاڵ ئەم چەمکانەدا تیۆری وەرگرتنیش بەشێوەیەکی گشتی بەکاردەهێنرێت.

### ١_٢_ پێناسە تیۆری وەرگرتن

تیۆری وەرگرتن یەکێکە لە تیۆرە نوێیەکانی دەقی ئەوەبی و لە پرۆسەی شیکاری دەقدا خوێنەر سەنتەر و ((بەشداری بە خوێنەر (وەرگر) دەکات، لە داڕشتن و بەرهەمهێنانی مانادا))(ئەسوەد،٢٠١٠: ١٥٠). لەڕوانگەی ئەم تیۆرەوە خوێنەر ئامرازێکە بۆ دۆزینەوەی واتا لەدەقدا، هەر خوێنەرە دەق بەزیندووی دەهێڵێتەوە، واتە لەڕێگەی خوێندنەوە و شیکاریکردنەوەوە دەکرێت دەقی نوێ بەرهەم بهێنێت.

لە ڕێگەی ئەو چەمکانەی کە لەنێو تیۆری وەرگرتندا بوونیان هەیە دیسانەوە پێناسە و ناساندنی دیکە بۆ تیۆرەکە دەکرێت، دیارترین ئەو چەمکانەی کە ئەم تیۆرەی پێ پێناسە کراوە بریتین لە:_

**_ ئیستاتیکای وەرگرتن(تیۆری داهاتوو).**



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١

ئەم چەمکە لەلایەن هانز ڕۆبێرت یاوس(١٩٢١_١٩٩٧) بەرهەمهاتووە، ئەو باوەڕی وایە: ((بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان ناتوانن بەردەوامی بەخۆیان بدەن، ئەگەر ئەگەر کۆمەڵێک وەرگر(خوێنەر) نەبێت. بۆیە مێژووی ئەدەب بریتییە لە مێژووی کۆمەڵێک خوێنەر، نەک مێژووی کارە ئەدەبییەکە))(حسلول، ٢٠١١: ١٣). لێرەدا دەق/ تێکست ئەو گرنگییەی، کە هەیبوو بەلاوە نراوە و گرنگی بە خوێنەر و تێگەیشتنی خوێنەر لە شیکردنەوە و بەرهەمهێنانی مانای نوێدا لەبەرچاوگیراوە، بۆیە ئەم تیۆرە زیاتر ((کاری لەگەڵ واتا و دەقی ئەدەبی و ئەرکەکەی و هەڵوێستی خوێنەر بۆ دەقەکەیە، لەم تیۆرەدا دەق ناتوانێ ناسنامەی خۆی، بوونی خۆی بدۆزێتەوە تاوەکو خوێنەرێک نەیخوێنێتەوە))(مەنتک،٢٠١٨: ١٤١). تیۆردانەرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە کاتێک خوێنەر دەقێک دەخوێنێتەوە دەتوانێت ئیستاتیکا و جوانی دەقەکە دەربخات.

_ **ئاسۆی چاوەڕوانی.** تیۆری وەرگرتن لەناو خۆیدا چەند چەمکێکی جیاوازی لەخۆگرتووە، لە دیارترینیان، (ئاسۆی چاوەڕوانی)یە، کەباوەڕی وایە: ((وەرگر، یاخود خوێنەری دەق ئاسۆیەکی تایبەتی خۆی هەیە، کەڵەکەبوون و کۆبوونەوەی بیر و زانیاری و بۆچوونی خۆی دروستیان کردووە، ئەم کەڵەکە بوونە مەعریفییە بۆ خوێنەر وەکو پێوەرێکی لێ دێت و لەسەر ئەم زەمینەیە هەموو کارێکی ئەدەبی وەردەگرێت))(بەرزنجی، ٢٠٢٤: ١٥). کاتێک خوێنەردەقێک دەخوێنێتەوە، یان ئەوەی چاوەڕوانی لێدەکات بەدەستی دەهێنێت، یاخود لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانیدا ناگونجێت و دەتی دەکاتەوە، بۆیە ئاسۆی چاوەڕوانی بەوە ناسێنراوە، کە ((زیهنییە خوێنەر لەڕێگەیەوە گریمانە ڕاستەکانی خۆی بۆ لێکدانەوەی واتایی دەقی ئەدەبی لەسەر بونیاد دەنێت، دەقی ئەدەبی لە هەر سەر دەمێک نوسراێت گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کاتێک ئەو دەقە دەناسین، یان دەیخوێنینەوە))(مەنتک، ٢٠١٨: ١٤٢)، یاوس لە شیکردنەوە و ناساندنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا دەڵێت: ((ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئەو چوارچێوەیەیە، کە مانا بەدەق دەبەخشێت)) (Jauss, 1982 : 23).

## ١_٣_ مێژووی تیۆری وەرگرتن

ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو بنەمایە بەرهەمهاتووە، کە خاوەن (مانا و دەق و نووسەر)ە، کەمتر گرنگی بە خوێنەر دراوە لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدی بیستەوە، گۆڕانکاری گەورەیەک لە بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا هاتەئاراوە بەتایبەت لەکاتی پەیدابوونی (تیۆری وەرگرتن)دا، کە دامەزرێنەرانی سەرەکی (هانس ڕۆبێرت یاوس) و (وۆلفگانگ ئیزەر)بوون. بەشێوەیەکی بەرچاو گرنگییان بەخوێنەر دەدا لەخوێندنەوەی دەق و بەرهەمهێنانی مانای نوێ لە دەق. تیۆری وەرگرتن ((لە تەواوی کارەکانیدا تەماشای ئەدەب وەک پەیوەندییەکی دیالۆگی نێوان دەق و خوێنەر دەکات، نەک وەک



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مادەیەکی بێگیان و خاوەن مانایەکی جێگیر. لەبەرئەوە، بۆیە ئەم تیۆرە ئەدەب دەخاتە ناو مەیدانی ڕوکار و کرداری خوێندنەوەوە، بەم شێوازە گۆڕانکاری گەورە لە ڕەخنەی نوێدا هاتە ئاراوە)). (Iser, 1978, p. 34).

**_ هانز ڕۆبێرت یاوس (Hans Robert Jauss) (١٩٢١_١٩٩٧).** لە زانکۆی کۆنستانسی ئەڵمانی بوو، لەوتارێکیدا لەساڵی (١٩٦٧)، بەناونیشانی (Literary History as a Challenge to Literary Theory)، بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانکاری لە فکری ڕەخنەی ڕۆژئاوادا کرد. (یاوس) تیۆری وەرگرتنی بە ((ستاتیکای وەرگرتن/ تیۆری داهاتوو ناو دەنێت، چونکە ئەم میتۆدە سەر و کاری لەگەڵ واتا و دەقی ئەدەبی و ئەرکەکەی و هەڵوێستی خوێنەر بۆ دەقەکە هەیە(مەنتک، ٢٠١٨: ١٤١). یاوس ڕۆڵی زۆر هەبوو لە گرنگیی پێدان و هێنانە پێشەوەی خوێنەردا، یاوس پێی وابوو: ((میتۆدە کۆنەکانی توێژینەوە ناتوانێت پارسەنکی پێشکەوتنە نوێیەکانی ئەدەب بن، چونکە ئەمانە ڕەگەزی وەرگریان لە هاوکێشەی (نوسەر، دەق، خوێنەر)دا فەرامۆش کردبوو))(بەرزنجی،٢٠٢٠: ٣٩_٤٠)، لە گرنگترین بیرۆکەکانی یاوس ڕۆڵی خوێنەرە لە زیندووهێشتنەوە و بەرهەمهێنانی مانابوو بۆ دەق. بۆیە پێی وابوو ((دەق و خوێنەر بەبەردەوامی لە پەیوەندیدان و لەو پەیوەندییەدا بەردەوام مانای نوێ دروستدەبێت)) (Jauss, 1982 :35).

**_ وۆڵفگانگ ئایزەر(١٩٢٦_٢٠٠٧)**، یەکێکە لە مامۆستاکانی زانکۆی کۆنستانس، کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی ڕەخنەیی لە شیکارکردن و پرۆسەی لێکدانەوەی دەقدا لەنێو تیۆرەکەی خۆیدا بەکارهێناوە، ئاوێتەی کردووە لەنێوان دەق و خوێنەردا، بۆ تێگەیشتنی نوێ لە دەق.

### ١_٤_ تایبەتمەندی و بنەمای تیۆری وەرگرتن

### ١_ خوێندنەوە و تەئویل

**٢_ خوێنەر.** لە تیۆری وەرگرتن دا خوێنەر بەئامانج دەگیرێت و دەکرێتە سەرمەشقی دەقی ئەدەبی، چونکە((خوێنەر بەرهەمی ئەدەبی دەکات بەشتێکی کۆنکریتی)) (ئیگڵتۆن، ٢٠١٦: ١٧٧). خوێنەر هەمیشە هەوڵدەدات لایەنە شاراوەکانی ناو دەق ئاشکرا بکات و کەلێنێک لە تێگەیشتنی دەقەکە پڕبکاتەوە، بەمەش زانیارییە نەگوتراوەکانی ناودەق بە جیهانی دەرەوەی دەقەکە ئاشکرا دەکات، خوێنەر لە هەموو کارێکی ئەدەبیدا ئامانجە، چونکە ((هەموو کارێکی ئەدەبی بەهاکەی لە پرۆسەی خوێندنەوەدا دەردەکەوێت، بەهۆی خوێندنەوە و لەئەنجامی کارلێکی نێوان خوێنەر و دەقدا ژیان دەکرێت بەبەری پیت و وشە مردووەکاندا))(قادر، ٢٠٢٢: ١٧). پێویستە خوێنەر وەڵامدانەوەی بۆ دەقەکە هەبێت و نابێت تەنها تەماشاکەر بێت، ئەمە بەو مانایە نییە ((زیرەکییەکی لە ڕادەبەدەری هەبێت، بەڵکو ئاگایی و شارەزایی ڕێساکانی زمان و هونەری گەرەکە))

(بەرزنجی، ٢٠٢٤: ١٦١). خوێنەر بەپێی ئاستی مەعریفی و تێگەیشتنیان لە دەق جیاوازن، بۆیە سێ جۆر لە خوێنەر لە دیدی تیۆرستان و ڕەخنەگرانی ئەم تیۆرەدا جیا کراوەتەوە.

**أ_ خوێنەری ئاسایی.** ئەم جۆرە خوێنەرە، ((خوێنەرێکی مێژوویە و سەر بە خەڵکە نەک بەرهەمی ئەدەبی، واتا خوێنەرێک نییە لەناو بەرهەمێکی ئەدەبیدا وێنایەک دروست بکات، بۆیە وێنەی لەگەڵ گۆڕانی خەڵک دەگۆڕێت))(بەرزنجی، ٢٠٢٤: ١٦٤)، کەواتا هیچ زیادەیەک ناخاتە سەر دەقەکە، خوێنەرێکی نەرێنییە(قادر، ٢٠٢٢: ١٧).بەمەش دەق لە ئاستێکی وەستاودا دەهێڵێتەوە و ناتوانێت گۆڕانکاری و بەردەوامی بەدەقەکە بدات.

**ب_ خوێنەری شاراوە.** ئەم خوێنەرە ((بونێکی لە واقیعدا نییە، هیچ پەیوەندییەکی بە فۆرمێک لە فۆرمەکانی واقیعێکی دیاریکراوەوە نییە، بەڵکو لەگەڵ بونیادەکانی دەق خۆی دەردەخات))(ابراهیم، ١٩٨٤: ١٠١).

**ج_خوێنەری ڕەخنەگر.** ئەم خوێنەرە ((قسە بۆکراوێکی نموونەیی ناوەکییەبەئاشکرا لە دەقەکەدا دەردەکەوێت و خۆی دەنوێنێت، ڕۆڵی ئەو خوێنەرە دەبینێت کە لە توانایدایە دەقەکە ڕێکبخات و ماناکەی بەرجەستە بکات و تا پرۆسەی کۆتایی نووسین ، گفتوگۆ لەگەڵ دانەری ئەبستراکتی خۆیدا بکات))(بەرزنجی،٢٠٢٤: ١٦٣). بۆیە دەتوانێت سەرلەنوێ دەقەکە بەرهەم بهێنێتەوە. بەمەش کار دەکاتە سەر خوێنەری (أ_ ب)، ڕابەرانی کۆنسنانت بەم جۆرە خوێنەرە دەڵێن خوێنەری بەرهەمهێن(خەلیل، ٢٠١٧: ١٨٢).

## بەشی دووەم: دەقە شیعرییەکانی (هیشام تاهیر بەرزنجی) لەڕوانگەیی تیۆری وەرگرتنەوە

### ٢_١_ ناوەرۆک

ناورۆکی دەق پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ناونیشانی دەقدا هەی، لەزۆر باردا شاعیران بەشێوەیەک ناوەڕۆکی دەقەکە دادەڕێژن خوێنەران توشی سەرسورمان دەکەن، بەهۆی ئەوەی ناوەڕۆکی دەقەکە بەشێوەیەک لەشێوەکان جیاوازییەکی زۆری پێوە بەدی دەکرێت لەگەڵ ناونیشانەکەکە. بۆیە کاتێک باس لە ناوەڕۆک دەکرێت پێویستە لەسەرەتاوە باس لە ناونیشان بکرێت پاشان وابەستەی ناوەڕۆک بکرێت. لە تیۆری وەرگرتندا و بەپێی بۆچونەکانی یاوس، لەنێو ئاسۆی چاوەڕوانیدا گرنگییەکی زۆر بە ناونیشانی دەق دراوە لە خوێندنەوە و شلۆقەکردنی دەقدا. ناونیشان، لەڕوانگەی (ڕۆمان یاکوپسن)ەوە(( سێ شێوەی جیاوازی هەیە، کە ئەوانیش، ڕوونکردنەوە و بیرهێنانەوە و بەهادان))(adam، ١٩٨٩: ٣٤) ناونیشانەکان لە بەرجەستەترین و دیارترین وشە شاراوەکانی زیهنی


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١

شاعیرن که لە رێگەییانەوە دەتوان پەی بە پێکهاتەی فکری شاعیر ببەین. هەر شاعیرێك بەپێی هەلومەرج و هۆکاری جیاواز لەوانە کەسایەتی، میراسی ئەدەبی ڕابردوو، ژینگە، بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە سود لە وشەی تایبەت وەردەگرێت، ئەم ((وشانە هەریەکەیان ئاماژەن بۆ شتێك، یاخود چەمکێك کە شاعیر پێی ئاشنایە.))(تربیت و قادیکلایی،١٣٩٧: ٢٢) خوێندنەوەی جیاوازی شیعر، واتای جیاواز بەدیدەهێنێت. ناونیشانی شیعر هاوشێوەی وشەکلیلییەکان دەتوانێت بەجۆرە جەختکردنەوەیەک و پێداگریی، واتا و ناوەڕۆکی شیعر ڕوونبکاتەوە. لەم حاڵەتەدا ناونیشان شتێکی جیا لە دەقی شیعری نییە و شیعر لە واقعدا ڕاڤەی ناونیشانە، هیشام تاهیر بەرزنجی گرنگییەکی تایبەتی بەناونیشان داوە و کردوونی بەکلیلێک بۆ کردنەوەی کۆدەکانی ناو دەقە شیعرییەکانی هەروەکو لە شیعری(نەهات)دەردەکەوێت.

زستانیَ هات

بە تەنافی سەرماو سۆلا هەڵیواسیم

ڕەقبوومەوە

هاوینیَ هات

بە تەلبەندی دۆزەخێکدا هەڵیواسیم

وشک بوومەوە

پایزیَ هات

بە بێدەنگی گەڵای زەردی کونکونیدا

تێیپەڕاندم

بەهاریَ هات

هێندە تیژپەڕ دای بەلامدا

نەمناسیەوە.(بەرزنجی، ٢٠٢٤: ٢٧).

کاتێک خوێنەرێکی ئاسایی ناونیشانی دەقەکە لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقەکەدا بەراورد دەکات، ڕاستەوخۆ بیری بۆ ئەوە دەچێت. کە ناونیشانی دەقەکە (نەهات)، پێویستە ئەم ناونیشانە لەناوەڕۆکی دەقەکەدا بوونی هەبێت، بەڵام بەدی ناکرێت، ئەوا ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر تێکدەچێت، چونکە چاوەڕوانی پرسیار و وەڵام دەکات لە نێوان ناونیشان و ناوەڕۆکی دەقەکەدا، لەبەرئەوەی ڕاهاتووە بەو شێوەیە لە نوسین، بەڵام خوێنەرێکی شارەزا بەدوای ئاماژە زمانییەکانی ناو دەقەکەدا دەگەرێت و پەیوەستیان

دەکات بە ناونیشانی دەقەکەوە، چونکە هەندێک وشە لەنێو دەقەکەدا بەدی دەکرێت بەبیرهێنانەوەی ناونیشانمان بۆ ڕووندەکاتەوە، وشەکانی بەهار هات، هاوین هات، زستان هات، هاوین هات) وەڵامی ئەم ڕستانە کە لە دەقەکەدا هاتووە ئاماژە بەنەهاتن دەکەن و ئەو بۆ چونەی یاکوپسن ڕوون دەکەنەوە کە پێی وایە ناونیشان بەبیرهێنانەوە و ڕونکردنەوە و بەهادانانە. یاخود لە دەقی (ئەو ڕوبارە.....) دەڵێت:

ئەو ڕوبارە

لێوان لێوە لە ئەستێرە

پڕپڕە لە گوڵ

سیخناخە لە باسی مێژوو

لە کەناری دانووبەوە

کەوتۆتەڕێ

لە قەندیلدا... لەنگەر دەگرێ

ئەو ڕوبارە

بەدەم ڕێوە دەکەوێتە گوڵەچنێ

دڕک و داڵی ڕێگا دەڕنێ

ئەو ڕوبارە

دڵۆپێک بوو

وا گەورە بوو

ئەو ڕوبارە لە ئێستادا

نەمردووە

نەنوستووە

نەوەستاوە

لە باوەشی نیشتماندا

وەکو شاخێک

بۆ چەند ساتێک ڕاکشاوە.(بەرزنجی، ٢٠٢٤: ٢٨).



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١

Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

خوێنەرێکی ئاسایی کاتێک دەقێکی لەم شێوەیە بەر دیدەی دەکەوێت، ئاسۆی چاوەڕوانی لەگەڵ ئاسۆی دەقەکەدا دەگونجێت، چونکە لەچەندین جێگەدا ناونیشانەکە بەدی دەکات، کەواتە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر و دەقە وەک یەکە، بەڵام کاتێک خوێنەرێکی شارەزا دەقێکی لەم شێوەیە دەبینێت، ئەو بیرەی لا گەڵاڵە دەبێت کە ئایە ئەو ڕووبارەی کە لە ناونیشاندا هاتووە و لە ناوەڕۆکی دەقەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام دەکرێت ئەزمونی توانای لێکدانەوەی ئەوەی نەبێت، کاتێکیش خوێنەرێکی ڕەخنەگر و لێهاتوو بە مێژووی کەسایەتییەکان و خوێندنەوەی باشی بۆ مێژوو هەیە، دەتوانێت لەڕێگەی وشەکانی (کەناری دانووب، قەندیل، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین)، بیبەستێتەوە بە کەسایەتییەکی دیاری نێو بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوەی کوردەوە، کە ئەویش نەوشیروان مستەفایە، لەبارێکی دیکەدا ئەو مردن و نەوەستان و ڕاکشانەی، بە ئەو بەرهەم و خزمەتەی لەپاش خۆی بەجێی هێشتووە هاوتا دەکات، لێرەوە بەپێی سێ خوێنەری جیاواز، سێ تێگەیشتنی جیاواز بۆ دەقەکەکراوە، بۆیە شێوەیەک لە بەرهەمی نوێی پێبەخشراوە، چونکە سێ ئاسۆی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، بەمەش زیندویەتی دەقەکە پارێزراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر و دەق یەکسانن.

### ٢_٢_ زمانی دەق

زمان ئامرازێکی کاریگەرە بەدەستی شاعیرانەوە، تاوەکو لەڕێگەیەوە بیری خۆیان دەربڕن، لەڕێگەی زمانەوە و بەوشە و ڕستەی تایبەت تەعبیر لەناخی شاعیر دەکرێت، لەزۆر باردا یاریکردن بەوشە و زاراوەکان تۆکمەیی و بەهێزی دەق دەردەکەوێت. هەرلەڕێگەی زمانەوە تەمومژی و لێڵی لە واتای دەقدا دروست دەبێت، چونکە شاعیرن لە واتا فەرهەنگییەکانی وشە لادەدەن و مانا و دەلایەتی نوێی پێدەبەخشن، لێرەدا گەمەی زمانی ڕوودەدات، ((گەمەی زمانی یەکێکە لەو گەمانەی کە مانای جۆراوجۆر بە دەق دەبەخشێت، باڵادەستی دەقێک بەسەر دەقێکی دیکەدا لە باڵادەستی زماندا بەرجەستە دەبێت))(عەبدوڵلا،٢٠٠٨: ١٧٨). شاعیران بەشێوەیەک زمان بەکار دەهێنن، کە واتا و دەلالەتی جیاواز لە مانا شەرەکییەکەی بە خوێنەر بگەبیەنن، بۆیە بەپیی تێگەیشتن و خوێندنەوەی دەقەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش لە دیارترین خەسڵەتی تیۆری وەرگرتن و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرە بەپێی تیۆرەی (یاوس).

زمان تەنها ڕیزکردنی کۆمەڵێک وشە و دەستەواژە نییە، بەڵکو جێکەوتە و گونجاندنیشی پێویستە، هەر زمانە دەق و نووسەر دەگەیەنێتە لوتکە، لەبەرئەوە نوسەریش تاوەکو دەقی شیعری تۆکمە و بەپێز بەرهەم بهێنێت پێویستە زمانەکەی بە وشەی جوان و واتا دار پرازێنێتەوە، کەواواتا (( زمان کۆمەڵێک دەستەواژە نییە، بەڵکو کۆمەڵێک پەیوەندییە))(میراودەلی، ٢٠٠٨: ٣)، خوێنەر بەپێی تێگەیشتنی خۆی ئەو پەیوەندییانە ڕێکدەخات و

مانا و دەلالەتی نوێی پێدەبەخشێت، لێرەدا خزمەتی بە دەقەکەکردووە و بە زیندوویەتی دەیهێڵێتەوە.

هیشام تاهیر بەرزنجی یەکێکە لە شاعیر و چیرۆکنووسە نوێخوازەکانی نەتەوەی کورد، بەشێوەیەکی جیاواز و تۆکمە گرنگی بەزمانی دەقەکانی خۆی داوە، بەشێوەیەک توانیویەتی واتای نوێ بە زاراوەکان بدات و وا لە خوێنەر بکات ڕاببکێشێت بۆ نێو قوڵای دەقەکانی، لەلایەکی دیکەشەوە زاراوە و دەستەواژەی نوێی بەکارهێناوە، شیاوی ئەوەیە لە چوارچێوەی تیۆری وەرگرتنەوە مامەڵە لەگەڵ دەقەکانیدا بکرێت، چونکە ئاسۆی پەوەڕوانی خوێنەران تێک دەشکێنێت و ئەو خوێندنەوانەی کە بۆ شیعری کلاسیک و تەنانەت نوێش هەیەتی تێی پەڕێنێت. ئەم شێوازە لە بەکارهێنانی زمان لەلای یاو جێگەی بایەخە، لەبەرئەوەی پێی وایە خوێنەران کاتێک دەقێک دەخوێننەوە و زمانی ئاشنانین بەزمانی دەقەکە ئاسۆی چاوەڕوانییان تێکدەچێت، بەبەردەوامبوونیش لە خوێندنەوەی دەقەکە دەکرێت یان لەگەڵی ڕابێن، یاخود ڕەتی بکەنەوە و نەگونجێن لەگەڵی دا، ئەم جەدەلیەتە بەپێی تیۆری یاوس دەخرێتە خانەی ئاسۆی چاوەڕوانی لە ئاستی زمانی دەقدا، هیشام بەرزنجی لە شیعری(چەن حەزەکەم زوو بێیتەوە)دا دەڵێت:

بیرت دەکەم...

وەکو بیری حسێن بۆ ئاو

وەکورێگای شەوەزەنگێ

بۆ تیلماسکێ تیشکی هەتاو

لەدورەوە بۆنت دەکەم

چەند حەزەکەم...

وەکو منداڵێ بتخەمە سەرتەوقی سەرم

ناو باوەشم

تێرتێر چاوەکانت ماچکەم

تێر تێر شیلەی دەمولێوت بخۆمەوە

چەند حەزەکەم...

لەم سەفەرە ناوەختەیەت زوو بێیتەوە

ئەم کڵپەیە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەناو دڵما کپکەیتەوە

ئەم قەتارەی فرمێسکانەم کۆکەیتەوە

ئەم هەناسە ئاگراوییە خنکاوانەم

کۆکەیتەوە

دەرگای ماڵی چۆڵ و هۆڵم بکەیتەوە

چەند حەزەکەم زوو بێیتەوە(بەرزنجی،٢٠٢٤: ٢١).

خوێنەری ئەم دەقە بەپێی تیۆری وەرگرتن و بۆچونەکانی یاوس لەبارەی ئاسۆری چاوەڕوانی و جۆری خوێنەری ئاساییەوە، لەسەرەتا و بەرکەوتنی لەگەڵ زمانی دەقەکەدا دووچاری سەرسورمان دێت بەتایبەت کاتێک خوێنەری دەقێکی شیعری کلاسیک بێت، چونکە ئەمجۆرە خوێنەرە بە زمانی ئەو دەقانە ڕاهاتووە کە زمانێکی تێکەڵن لە (عەرەبی و فارسی و تورکی)، بۆیە لێرەدا ئاسۆی چاوەڕوانی تێکدەشکێنرێت، دەکرێت دەقەکە ڕەت بکاتەوە و پەسەندی نەکات، لەبەرئەوەی وا تێگەیشتووە، کە دەق دەبێت زمانێکی تۆکمە و تێکەڵ و وشە و زاراوەی قورس و گرانی هەبێت، بەڵام ئەم دەقە زمانێکی تەواو ئاسایی و سادەی ڕۆژانەی بەکارهێناوە، کەچی خوێنەرێکی شارەزا و ڕاهاتوو بە داهێنانی زمانی بە دەقی نوێ، لەوە تێدەگات کە شاعیر لە بەرهەمهێنانی دەقەکانیدا مامەڵەیەکی جیاواز دەکات، لەم دەقەدا شاعیر (٦٢) وشەی بەکارهێناوە، لە کۆی ئەم وشانەدا تەنانەت یەک وشەی بێگانەی تێدا بەدی ناکرێت، بگرە سەرجەمی وشەکان، وشەی ئاسای ڕۆژانەی ناو کۆمەڵگەیە، ئەم شێوازە لە بەکارهێنانی زمانی دەق، نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی خوێنەر وا هەست بکات کە ناتەواوییەک لە دەقەکەدا هەیە، بەڵام خوێنەرێکی ڕەخنەگر زیاتر بە زمانی دەقەکەدا ڕۆدەچێت و وشە و زاراوەکان لەیەکتر هەڵدەوەشێنێتەوە و ئەو وشانەی زیاتر کوردی پەتین و جوانی دەق دەردەخە دەستنیشاندەکات و ئاسۆی چاوەڕوانی خۆی پێ فراوانتر دەکات، لەم دەقەدا وشەکانی(شەوەزەنگ، تیلماسک، تەوقی سەر، ناوەخت)، کوردییەکی تەواو پەتین.

خوێنەری ڕەخنەگر، ئەوە دەزانێت کە هیشام تاهیر داهێنەری ئەم زمانە نیە، بەڵکو درێژە پێدەری ئەو زمانەیە کە گۆران و هاورێکانی پەیرەویانکردووە، گۆڕانکاری لەزماندا و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی کوردی لەسەرددەمی نالی و سال م و کوردی و مەحوییەوە هەر هەبووە، بەڵام بەو شێوەی ئێستانەبووە، بۆیە خوێنەرێک لەنێوان ئەو دووقۆناغەدا توشی سەرسورمان دەبێت، شاعیرانی کلاسیک زیاتر داهێنانیان لە زمانی دەقدا کردووە، بەڵام شاعیرانی نوێ و هیشام تاهیریش لەو چوارچێوەیەدا زمانی شیعری کلاسیکیان تێپەڕاندووە و داهێنانیان تێدا کردووە، ئەم داهێنانە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١

بەشێکە لە ئاسۆی چاوەڕوانی و پێوەری داهێنانی دەق، بەردەوامی دان بەم شێوازی زمانە ئاسۆی چاوەڕوانی دەق بەسەر خوێنەردا زاڵدەبێت و دەق بەزیندووی دەمێنێتەوە. یاخود لە شیعری(کەسێک وا لە ژوورەکەمدا)دا دەڵێت:

کەسێک وا لە ژوورەکەمدا

ڕەنگی

لەڕەنگی ئاو دەچێ

تینی لە هی هەتاو دەچێ

بۆنی لە هی گوڵاو دەچێ

لێوانلێوە لە ژوورەکەم

هەرچەند ئەکەم

لە تێربوونی ئۆخەی ناکەم

ناچار ئەبم

سینەم شەقکەم

دڵ لە دیلێتی دەربێنم(بەرزنجی: ١٣٧)

ئەگەر سەرنج لەم دەقەی شاعیر بدەین ئەوا دەبینین تێکشکاندنی ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر بەپلەی یەکەم لە زمانی دەقەکەیە، بەبەراوردکردنی بەدەقیکی کلاسیکی، چونکە زمان لە دەقە کلاسیکییەکاندا زیاتر زمانێکی تیکەڵ بووە لە وشە و زاراوەی بیانی، گەرچی لەلایەن هەندێک لە شاعیرانی کلاسیکییەوە هەوڵی ئەوە دراوە کە زیاتر بەرەو تاڕادەیەک کوردییانە بڕوات، بۆنمونە لەلای نالی کە دەڵێت:

تەبعی شەککەر باری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکا

ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی لەعەمدەن وادەکا (مودەڕیس، ١٣٨٧: ١٠٢).

کاتێک خوێنەرێکی ئاسایی و ڕاهاتوو بە زمانێکی لەم شێوەیە، ڕاستەوخۆ ئاسۆی چاوەڕوانی لەگەڵ ئاسۆی دەقەکەدا یەکدەگرنەوە و پێی هەزم دەکرێت، بەڵام کاتێک نالی دەڵێت بەمەبەست گەڕاومەتەوە سەر زمانی کوردی و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دەقەکانمدا، ئەوە لای خوێنەر دروست دەبێت کە نالی پێشتر لەم زمانە تێکەڵتری بەکارهێناوە، کەچی بەهۆی ئەوەی کە لەم دێڕەشدا چەندین زاراوەی فارسی و عەرەبی بەدی دەکەن، هێشتا ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر/ وەرگر تێک

نەشکێنراوە، بەڵام کاتێک هەمان خوێنەر دەقەکەی هیشام تاهیر ببین، ئەوا ئاسۆی چاوەڕوانییان تێکدەشکێنرێت و ئاسان نییە بە زووی ئاسۆی چاوەڕوانی خۆی بگۆڕێت، بەڵام بەهۆی بەردەوامی بەهۆی بەکارهێنانی ئەم شێوە زمانە لە لای شاعیرانی نوێ و هاوچەرخ و بەرزنجیش لە نێوانیاندا خوێنەر خۆی لەگەڵ زمانی دەقەکەدا دەگونجێنێت. بەمەش ئاسۆی دەق بەسەر ئاسۆی خوێنەردا سەردەکەوێت.

بەرزنجی بەزمانێکی تەواو کوردی پەتی دەقەکەی بونیادناوە، بەشێوەیەکی جیاواز لە دەقەکانی پێشووی شاعیرانی پێشخۆی، بەشێوەیەک کە تەنها یەک وشەی بیانیشی تێدا بەکارنەهێناوە، هەروەها وشەکانی (تین، گوڵاو، لێوانلێو) کوردییەکی تەواو پەتین، لێرەدا سادەی زمانی دەقەکە ئاسۆی خوێنەر تێک دەشکێنێت، ئەوەی خوێنەر چاوەڕوانی دەقەکە دەکات بەدی نایەت، چونکە بەم زمانە سادەیە ڕانەهاتووە، ئەمە بۆ خوێنەرێکی ئاسایی، بەڵام خوێنەری شارەزا دەتوانێت بەئاسانی پەی بە نهێنی بەکارهێنانی ئەم شێوازە لە بەکارهێنانی زمان ببات و کۆدەکانی لێکبداتەوە، هەرچی خوێنەری دەخنەگریشە، ئاستی زمانەکە لێکدەداتەوە و بەراوردی بەدەقەکانی پێشو و لەگەڵ دەقەکانی ئێستادا دەکات، لایەنی داهێنانی زمانی دەبینێتەوە، لەم ڕێگەیەوە بەردەوامی و زیندوویەتی دەقەکە دێنێتە ئاراوە، بەهۆی ئەم جۆرە خوێنەرەوە دەتوانین واتای دیکە لە دەقەکە دەربهێنرێت و خوێندنەوەی نوێی بۆ بکرێت.

## ٢_٤_ تۆپۆگرافیای دەق

بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی دەقی شیعر، گۆڕانکاری لە شێوازی داڕشتنی دەق لە سەر پانتایی ڕووی لاپەڕەکاندا دراوە، ئەم زاراوەیە یۆنانییە و ((لێکدراوی دوو وشەیە کە (topos) بە مانای شوێن دێت و (graphic) بە مانای شێواز و ڕێگەی وەسفکردن دێت، تۆپۆگرافیا بە واتای وەسفکردن یاخود گوزارشتکردن یان وێنەی وردی (دەقاو دەق)ی شوێنێک دێت))(نبهان، ٢٠٠٨: ١٣٢). ئەم زاراوەیە لەسەرەتادا بۆ زانستی جوگرافیا بەکارهێنراوە(طفیلی،٢٠٠٢: ٥٤٨). بەڵام لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بە((شیعری وێنەیی pictorial poetry، یان شیعری کۆنکریتی concrete poetry، لەزمانی عەرەبی و زمانە ئەورووپییەکاندا گەلێک ناوی دیکەشیان لێ ناوە وەك: الشعر المرئی، البصری، التشکیلی، المجسد، الالکترونی الصوری، بە ئەورووپیش calligrame, imagist visual, optic, spatialsed)) (پیرباڵ، ٢٠٠٥: ١٠٥). بەپێی ئارەزو و مەبەستی دەقنووس، ئەم شێوازە لە داڕشتنی دەقی شیعریدا دەکرێت.

ئاشکرایە کە دەقی شیعری کلاسیکی کە لە (غەزەل و قەسیدە و ..... هتد) پێکدێت. بەم شێوازەی خوارەوە بونیاتنراوە.

______________________ ______________________

یاخود بەم شێوەیە

__________________________

__________________________

بەڵام ئەم شێوازە لە شیعری نوێ و هاوچەرخ دا گۆڕانکاری بەسەردا هات و بەپێی سەلیقە و لێهاتووی شاعیران وشە و دەستەواژە و ڕستەکان، لەسەر پانتایی لاپەڕەکان دەنەخشێنران، ئەمەش بەدوو شێواز بوو، شێوەیەکیان بەپێی تۆپۆگرافیایەکی دیاریکراوبوو، ئەوی دیکەشیان شێوەیەی تایبەت، ئەوەی یەکەمیان پێنج ڕووبەری تایبەتی و دیاریکراوی هەبوو ئەوانیش تۆپۆگرافیای (ڕێپلیکانەیی(پەیژەیی)، وێنەیی، ستوونی، قوچەکی، شێوەی ئەندازەیی، هەڵوەشاوە)، بەڵام تۆپۆگرافیایی تایبەت، بەپێی سەلیقەی شاعیر گۆڕانکاری تێدا کراوە و بەشێوەیەکی تایبەتی وشە و ڕستەکان لەسەر سپیایەتی ڕووپەرەکاندا نەخشێنراوە، بەپیی تیۆرەی یاوس، ئەم شێوازە گۆڕانکارییە لە شێوەی داڕشتنی داقدا، ئاسۆی چاوەڕوانی دەق تێکدەشکێنرێت، خوێنەران توشی گەڕان بۆ مەبەست و دەلالەتەکانی پش ئەم شێوە لە بونیاتنانە دەکات، لێرەوە و بەپێی تیۆری یاوس، لەلایەن خوێنەرانەوە واتای نوێ لەدەق بەرهەم دێت، لەهەمانکاتدا دەقەکەش بەزیندووی دەهێڵێتەوە.

هیشام بەرزنجی لە تەوای دیوانەکەیدا تەنها فۆرمی هەڵوەشاوە بەدی دەکرێت ئەویش تەنها یەک دەقی هەیە، ڕووبەر و فۆرمەکانی دیکەی تۆپۆگرافیا لە دیوانەکەیدا بەدی ناکرێت، بەڵام تۆپۆگرافیای شێوە تایبەتی هەیە و بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، شێوەی تایبەت مەبەست لەو دەقانەیە بەپیی مەبەستی شاعیر خاڵ، و بۆشایی و هتد، لەنێوان وشەکاندا دادەنرێت، بەڵام ئەمە بەو مانایەنییە، کە تەنها تیبەت بێت بە هیشام تاهیر، چونکە شاعیرانی دیکەی نوێخواز و هاوچەرخ پەیرەوییان لەم شێوەیەکردووە، نەک تەنها تایبەت بێت بە بەرزنجی. تۆپۆگرافیا تایبەتانە وا لە خوێنەر دەکات زیاتر بۆ ناو قوڵای دەقەکە شۆڕ ببێتەوە و بەدوای مەبەستە شاراوەکانی پشت ئەم بەکارهێنانەدا بگەڕێت، واتا و مەبەستی نوێ لە دەقەکە بەرهەم بهێنێت بەپێی تێگەیشتنی خۆی (خوێنەر)، هەر ئەمەشە خەسڵەتێکی دیاری تیۆری وەرگرتنە، بەرزنجی لە شیعری (گڵ) دا دەڵێت:

خەمێک دەرونمی

هێناوەتە

کوڵ



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 1
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

قورسە

وەک پۆلا

گەرمە

وەک سکڵ

هەمیشە دەستی لە ملمدایە

مەگەر دایماڵێ لە گەردنم

گڵ (بەرزنجی، ٢٠٢٤: ١٢٧)

شێوازی نووسینی ئەم دەقە بەهۆی لێکترازانی وشەکانی ڕستەکانەوە، شێوەیەکی هەڵوەشاوەی هەیە، کاتێک خوێنەر چاوی بەم شێوە نووسینەی دەق ڕانەهاتووە و بەردیدەی بکەوێت، بە دەقێکی نامۆ و نوێ تەماشای دەکات، لەسەرەتای بەرکەوتنیەوە لەگەڵ دەقەکەدا دەکرێت ڕەتی بکاتەوە و پەسەندی نەکات، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات دەقەکە جێگەی خۆی لە بیر و هزری خوێنەردا دەکاتەوە و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەگۆڕێت. تۆپۆگرافیا تەنها بەم ڕووبەرەوە نەوەستاوە و چەندین جۆری دیکەی هەیە، لەدەقەکانی بەرزنجیدا تەنها ئەم شێوەیە بەدی دەکرێت، بەڵام لەناو دەقەکانی دیکەیدا شێوەی دیکەی هەیە و بەڵام بەشێوەی پچڕ پچڕ، واتا تەوای دەقەکە لەسەر ڕوبەرێکی تایبەت نەنوسراوە بۆیە ناچنە چوارچێوەی ڕووبەری تۆپۆگرافیاوە.

ڕووبەری تۆپۆگرافیای شێوەتایبەت لە بەشێکی زۆری دەقەکانی بەرزنجیدا بەدی دەکرێت، بەپێی مەبەستی شاعیر ڕەمز و نیشانەی لەنێوان وشەکان و ڕستەکان و کۆتایی ڕستەکاندا بەدی دەکرێت، کە ئەمە بۆ خوێنەرێکی ئاسایی و شارەزای دەقە کلاسیکییەکان سەخت و دژوار بووە بۆ تێگەیشتنێکی باش لە ناوەڕۆکی دەقەکە. بەرزنجی لە دەقی (برینێکی مێژوویی)دا دەڵێت:

وەرە با ئەو بنارە بۆ چەند ساتێ وڵاتمان بێ ..

پەنجەکانت..

بخەرە سەر کونی شمشاڵی برینی هاودامانم

با داگیرسێ ..

بڵێ بە _ با_ با ژێکانی لێ هەڵژەنێ(بەرزنجی، ٢٠٢٤: ٨٩).

یاخود لە شیعری (گفتوگۆیەک)دا دەڵێت:

--_ ئەی هەیاسە

لە دیوەخان پاشاکاندا چ باسە؟

+ باس نەماوە نەکرێ..

بەڵام کوا جارێ؟

کەسێک هەبێ و دەم هەڵبێنێ..

بڵێ دوێنێ هەژارێ..

بەزەبر و زۆر

ماڵەکەیان پێ گواستەوە

لە شارێکەوە بۆ شارێ.. (بەرزنجی،٢٠٢٤: ٧٩).

شێوەی دەرەوەی دەقەکە تەواو جیاوازە لە دەقە کلاسیکییەکان، ئەمە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەرێکی ئاسایی تێک دەشکێنێت، بەوەی کە پێشتر دەقێکی لەم شێوەیەی نەبینییوە کە خاڵبەنییەکی لەم شێوەیەی بۆکرابێت، تەنانەت لە هەندێک شیعری نوێشدا بەم شێوەیە نەبووە کە (_، +، ..) لە سەرەتا و ناوەڕاستی دەقەکەدا دابنرێت، دیارە مەبەستی چاعیر لە دانانی ئەو ڕەمزانە بەمەبەستە و خوێنەر لێی تێناگات بۆیە ڕاستەوخۆ دەقێکی لەم شێوەیە لە لایەن خوێنەری ئاساییەوە ڕەتدەکرێتەوە، لێرەوە ئاسۆی دەق بەسەر ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەردا سەردەکەوێت، بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی کات و شارەزابوون و ڕاهاتنی خوێنەر بەم جۆرە دەقانە وردە وردە ئاسۆی دەق زاڵ دەبێت و خوێنەر هەزمی دەکات و پێی قەبوڵ دەبێت، بەپێی تیۆری وەرگرتن و لەنێو بنەماکانی بیروباوەڕەکانی یاوس دا ئەم دەقە بە دەقێکی زیندو و کاریگەر دادەنرێت.

لە دەقە شیعرییەکانی بەرزنجیدا شیعری لەم شێوەیە بەزۆری بەدی دەکرێت، بەڵام لە شێوەی ڕووبەرە بنەڕەتییەکانی تۆپۆگرافیدا تەنها شێوەی هەڵوەشاوە بەدی دەکرێت، لە هەندێک دەقدا سپیایی سەر ڕووپەڕەکان زیاترە لە ڕەشایی سەر ڕوپەڕەکاندا بەمەش شێوەیەکی نوێیە لە بونیاتنانی دەق و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر تێدەپەڕێنێت، چونکە خوێنەر بەو شێوەیە ڕاهاتووە کە ڕەشایی زیاتر بێت لە سپیایەتی، بەتایبەت خوێنەرانی دەقە کلاسیکییەکان.

## ئەنجام

لە کۆتاییدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک لە گرنگترینیان:_

_ تيۆری وەرگرتن، تيۆرێکی نوێیە، گرنگی بەدەق دەدا بەپێی تێگەیشتنی وەرگر، خوێنەر، تيۆرێکی کۆنە، چونکە لەسەرەتای دەرکەوتنی دەقەوە، وەرگریشی هەبووە، بەڵام ئەوەی جیاوازی ئەم دوو بۆچوونەدەکات تایبەتمەندی داهێنەرانەی دەقە، کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر دەگۆڕێت.

_ تيۆری وەرگرتن لە تەوای کارەکانی دا بۆچونی خوێنەری لا گرنگە و دەیکاتە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی، بۆیە پێی وایە دەق بەبی خوێنەر هیچ نیە. ئەم تیۆرە پێی وایە خوێندنەوە جیاوازەکانی دەق بەدیهێنەری ئیستانیکا و بەرهەمداری دەقە.

_ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر، یاوس داهێنەرەکەیەتی و دەکرێت وەکو پێوەری داهێنان لەدەقدا تەماشابکرێت.

_ لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا لە زۆر باردا گرنگی کات لەبەرچاو دەگیرێت.

_ لەنێو ئاسۆی چاوەڕوانیدا نوسەران لە بونیادی قەکەکەدا خوێنەر/ وەرگر توشی شۆک و نائومێدی دەکەن، بەهۆی ئەوەی کە خوێنەر لە ناونیشانی دەقەوە تاوەکو کۆتایی دەق چاوەڕوانی شتێکە کەچی بەدەستی ناهێنێت.

_ تۆپۆگرافیای دەق لە تەواوی دەقە شیعرییەکانی شاعیردا ڕوبەرێکی فراوانی داگیرکردووە بەشێوەیی تایبەت، بەڵام بەشێوەی بنەڕەتی تۆپۆگرافیا، تەنها یەک دەقی هەڵوەشاوە بەدی دەکرێت، هەرچی شێوەی تایبەتە تەوای دیوانەکەی داپۆشیوە، بەمەش ئاسۆی خوێنەری تێکداوە.

_ زمانی دەقەکانی شاعیر زمانێکی تەواو کوردیی پەتییەو بەمەش خوێنەری ڕاهاتووی بەزمانی تێکەڵ لە عەرەبی و فارسی و کوردی تێپەڕاندوە و ئاسۆی خوێنەری توشی شۆک کردووە.

_ لە دیوانی بەرزنجیدا چەندین دەقی شیعری هەیە کە ئاماژەمان بۆکردووە خوێندنەوەی خیاواز وەردەگرێت و دەکرێت بەپیی تیۆری وەرگرتن و ئاسۆی چەاوەڕوانی خوێنەر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

## سەرچاوەکان

### کوردییەکان


_ ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

_ ئیگڵتۆن، تیری(٢٠١٦)تیۆری ئەدەبی، وەرگێران: عەتا قەرەداغی، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، تهران.

_ بەرزنجی، د. عەلی تاهیر(٢٠٢٠)، ئاسۆی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئێڤا بۆ چاپ و ڕیکلام، سلێمانی.

_ پیربالّ، فەرهاد(٢٠٢١)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی چوارەم، چاپخانەی تاران، تاران.

_ خەلیل،ئیبراهیم مەحمود(٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، لە لاسایکردنەوەوە بۆهەڵوەشانەوەگەرایی، چاپی یەکەم، اپخانەی کارۆ، کەرکوک.

_ بەرزنجی، د. عەلی تاهیر و عەبدوڵڵا تاهیر(٢٠٢٤) کلیلدان فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

_ مەنتک، حەمە(٢٠١٨) میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنەی ئەدەبی لەڕووی تیۆرییەوە، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

_ عەبدوڵڵا،عەبدولمتەلیب(٢٠٠٨)، شەڕی زمان لەپێناو تەئویلکردنی دەقدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک.

_ میراودەلی، عومەر(٢٠٠٨)، زمانی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

**نامە ئەکادیمییەکان**

_ قادر، محەمەد عەباس(٢٠٢٢)، تیۆری وەرگرتن و ڕەخنەی شیعری کوردی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی.

_ قادر، ڕێبین خەلیل، سیمای ڕەخنەی زانستی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، ڕەخنەی شیعری کوردی(نامەزانکۆییەکان٢٠٠١_٢٠١٠)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە. هەولێر.

**عەرەبییەکان**

_ حضر، ماظم عودة(١٩٩٧)، الأصول المعريفة انظرية التلقى، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

_ ابراهيم، نبيلة(١٩٨٤)، القارىء فى النص(نظرية التاثير و الاتصال)، مجلة فصول، عدد١، القاهيرة.

_ مزروق، د. الشريف(٢٠٢١)، نظرية التلقى وأطروحاته، مجلة النص، جامعة أم البواقى المجلد٠٧، العدد٠١، الجزائر.

_ الطفيلى، د.حمد(٢٠٠٢)، معجم المصطلحات الجغرافية، الطبعة الثانية، المؤسسة الجامعية للدراسات للنشر و التوزي، بدون مكان للطبع.

_ نبهان، يحي محمد(٢٠٠٨)، مصطلحات الجغرافيا الطبيعية و الفلكية و السياسية، دارياڤا العلمية للنشر و التوزيع، بدون مكان للطبع.

_ الصكر، حاتم(١٩٩٨)، ترويض النص، نشر الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.

_ صالح، بشرى موسى(٢٠٠١)، نظرية التلقى أصول... وتطبيقات، الطبعة الأولى، الناشر المركز الثقافى العربى، الدار البيضاء، المغرب.

_ هونيما، فليب و كوليش، استيل(٢٠٠٢)، الظاهراتية، ترجمة: حسن الطالب، مجلة علامات، العدد(١٧)، مغرب.

**فارسييەكان**

_ تربيت، ساره و قاديكلايى، محمد عنايتى(١٣٩٧)، نگاهى به كاركرد/ نقش ساختارى عنوان شعر در شعر معاصر (با بررسى مقايسه اى اشعار فروغ و سپهرى)، فصلنامه تخصصى سبك شناسى نظم و نثر فارسى (بهار ادب) علمى-پژوهشى، سال يازدهم – شماره چهارم-زمستان، شماره پياپى ٤٢.

**ئینگلیزییەکان**

_Adam, J-M. (1989). Pour lire le poème. Paris: Deboeck- Duculot.

_Harkin, P,(2005) “The Reception of Reader-Response Theory.” College Composition and Communication.

_ Iser, W. (1978). *The Act of Reading: A Theory of Aesthetic Response*. Baltimore: Johns Hopkins University Press, pp. 25–78.

_ Jauss, H.R. (1982). *Toward an Aesthetic of Reception*. Minneapolis: University of Minnesota Press, pp. 23–40.

Sarjakan
Kurdikan

_ Easoud, Nawzad Ehmad (2015), Fahrenji Zarawakani Ehdib and Zanstiah Marjvayetihkan, Jabi Khem, Nawandi Ghazlanous Then and there.

_ Ethan, Terry (2016) This book is published in Arabic: Atta Qordaghi, Jabi, Nawi, and others. Chapkhani Taran, Tehran.

_ Barzanji, Dr. Ali Tahir (2020), Easi Daq, Chapi, Chap Khan, Chap and Kalam, Soleimani.

_ Pirbak, Farhad (2021), Ebaza Edibikan, Chapi Chawarim, Chapkhani Taran, Taran.

_ Khalil, Ibrahim Mahmoud (2017), "He betrayed my friend Noah", "Why don't I say anything about him, how about him, and what I think about him", next to this, Abkhany Karach, Kirkuk.
_ Barzanji, Dr. Ali Taher and Abdoula Taher (2024) Chapkhani Sardoum, Soleimani.
_ Mentak, H.M. (2018) My friend's betrayal, my friend's betrayal to me, next to you, Nosingy interpretation in Arabic and English.
_ Abdoulama, Abdoulaib (2008), What a long time ago we had a modern Kurdish interpretation, What is the name of God, Kara, Kirkuk.
_ Mirawidly, Omar (2008), My Time, How to Write, My Ministry of Shenbare, Holler.
Academic name
_ Qadir, Mohamed Abbas (2022), Writing and writing Kurdish poetry, grow a doctorate, Zanki Soleimani, Kaliji Zaman, Kurdish language.
_ Qadir, Bin Khalil, Simai Khan of Zhansti, The Book of Kurdish Poetry (Name of Zankani, 2001-2010), Name of Master, Zanki Sahidin, Keywords. Howler.
Arabic
_ Hadhar, Mazem Odeh (1997), The Cognitive Principles, The Theory of Reception, Dar Al-Shorouk for Publishing and Distribution, Amman, Jordan.
_ Ibrahim, Nabila (1984), The Reader in the Text (Theory of Influence and Communication), Fosoul Magazine, No. 1, Cairo. _ Mazrouk, Dr. Al-Sharif (2021), Reception Theory and its Theses, Al-Nass Journal, University of Umm Al-Bawaki, Volume 7, Issue 1, Algeria.

_ Al-Tufaili, Dr. Hamad (2002), Dictionary of Geographical Terms, Second Edition, University Foundation for Studies for Publishing and Distribution, no place of publication.

_ Nabhan, Yahya Muhammad (2008), Terms of Physical, Astronomical, and Political Geography, Daryaafa Scientific Publishing and Distribution, no place of publication.

_ Al-Sakr, Hatem (1998), Taming the Text, Egyptian General Book Organization, Egypt.

_ Saleh, Bushra Musa (2001), Reception Theory: Origins and Applications, First Edition, Arab Cultural Center, Casablanca, Morocco.

_ Honema, Philip and Collish, Estelle (2002), Phenomenology, translated by Hassan Al-Talib, Alamat Journal, Issue 17, Morocco.
Persian
_ Tarbiat, Sarah and Qadiklayi, Muhammad Enayati (1397), Nahi Bah Karkard/Sakhtari inscription, the title of poetry in contemporary poetry (with parsi, i.e., poetry of Frug and Sehri), a specialized chapter on the language of Persian prose and prose (Bahar). Literature) Scientific-Pzhuhshi, Sal Yazdhum - Shaharam-Zamistan, Shaharam-Piapi 42.
English
Adam, J-M. (1989). Pour lire le poème. Paris: Deboeck- Duculot.
_Harkin, P,(2005) "The Reception of Reader-Response Theory." College Composition and Communication.

_ Iser, W. (1978). *The Act of Reading: A Theory of Aesthetic Response*. Baltimore: Johns Hopkins University Press, pp. 25–78.
_ Jauss, H.R. (1982). *Toward an Aesthetic of Reception*. Minneapolis: University of Minnesota Press, pp. 23–40.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ١